حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١١٦) لە ٢٠٢١/٩/٢٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (ستراتیژیی نیشتمانیی دەستەی دەسپاکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ٢٠٢١-٢٠٢٥)، جگە لە پاشکۆی ستراتیژییەکە تایبەت بە (میکانیزمی چاودێریکردن و بەدواداچوون) کە دواتر دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی سەرجەم دەسەڵات و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە میکانیزم و شێوازی جێبەجێکردنی دیاری دەکات، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەر دامەزراوە و دەسەڵاتێک.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێزان سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ڕەچاوکردنی ئەو تێبینی و سەرنجانەی لە کۆبوونەوەکە خرانەڕوو ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەبێت کە لە بڕگەی (٢-٢-١)ی ستراتیژییەکە بە ناوی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) هاتووە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران